# چەپڵەی کوردی کولتورە یان ماسك؟!

## نوری بێخاڵی

لە شوێنێکی تر و لە نووسینێکدا بەناوی (ئاشی دەسەڵات گەمژەیی رەعیەت دەیگێڕێ) بە دوور و درێژی لەبارەی چییەتی و چۆنییەتی ئەو گەمژەییەی رەعیەت دواوین، کە چۆن بەهۆیەوە دەسەڵات درێژە بە تەمەن و هەژموونەکانی دەدات، بۆیە لێرەدا شتێکی زیادەیە دووبارەی بکەینەوە، ئەوەی بۆ نووسینی ئەم گۆشەیەش هانیدام دیوێکی دیکەی ئەو گەمژەییەی هەمان رەعیەتە، کە لە کوردستان خوی پێوە گیراوە و بە هۆیەوە وەك رانە مەڕی گێژی بەر تینی هەتاوی هاوین لێیدەخوڕن!!

زۆرجار دەڵێم ئەو قسەیەی (سەرۆ قادر) کە هەندێ کەس وەك (شەڕ لە بادینان تۆز لە دەرگای ئێمە) دووفاقیانە و بانێکە و دە هەوا لێی کەوتنە تەقە، سەبارەت بە رێژەیەکی زۆری ئەو رەعیەتە گەمژەیە، نەك هەر راستە، بگرە دەتوانم بڵێم (سەرۆ) غەدریشی لەو گیانەوەرە کردووە، ئاخر رەعیەتێکی شەرمنی گوێڕایەڵی سوپاسگوزار دەبێ شیاوی چی بێت، جگە لە بریندارکردنی ویژدانی، بۆ ئەوەی بێدار بێتەوە؟!

لە هەندێ دۆستم بیستەوە، کە شایەتحاڵی دیمەنەکان بوون، ئەو دەمەی یەکێتی پلینیۆمی بەست، کاتێ بڕیاری لێخۆشبوون و خۆبواردن لە فایلدارەکان درا هۆڵەکە خەریك بوو لەبەر چەپڵەڕێزانی بە کۆمەڵ بەسەر ئامادەبوواندا بێتەخوار، هەر کەمێك دوای ئەوە چەند کەسێك نارەزایی خۆیان دەربڕیبوو، کە ناکرێ چاوپۆشی لە فایلدارەکان بکرێ، دیسانەوە چەپڵەرێزانی بەکۆمەڵ گەیشتبووە کەشکەلآنی ئاسمان...هەمان دیمەن بەلآم بەشێوەیەکی دیکە لە سەردانەکەی سەرۆکی کوردستان بۆ دهۆك دووبارە بووەوە، کاتێ بابایەکی زانکۆ بۆ مەراییکردن هەڵسا و پێشنیاری ئەوەی کرد دکتۆرای شانازی بدرێتە بارزانی، ئیدی بابا قسەی تەواو نەکرد هۆڵەکە خەڵتانی چەپڵە بوو، دوای ئەوەش کە سەرۆکی کوردستان وەك بەرپرسیارێتی و ئەرکی مێژوویی و ئەخلاقی راشکاوانە رای خۆی لەو بارەیەوەدا، بەوەی ئەو پێشمەرگە بێت بەسیەتی و ئەو شێوە بیرکردنەوانە جۆرێکن لە دروستکردنی دیکتاتۆریەت و بەپیرۆزکردنی تاکەکەس، هەمدیس هۆڵەکە لەبەر چەپڵە خەریکی روخان بوو، سەیریش لەوەدایە ئەو نموونەیە لە نێو دوو چینی بژاردە و دەستەبژێری کۆمەڵگا (کادیرانی سیاسی و ئەکادیمی!) هەڵێنجراوە و وای بە حاڵی خەڵکی رەشۆکی!!

ئەو میللەتە سەیرە، وەك دەڵێن زار و زگی یەك نییە، کەچی بەبۆنە و بەبێ بۆنە چەپڵە دەکوتێ، ئیتر مرۆ نازانێ چەپڵە خوێکی بۆ ماوەیی ئەو رەعیەتەیە، یان بەنجێکە بۆ خۆبوارن لەو بێدەسەڵاتییەی هەیەتی لە ئاست بیمارکردنی رۆژانەی کەرامەتەکەی بەکاری دەبا؟!

میللەتێك بۆ هەق و ناهەق..رەش و سپی..جوان و ناشیرین لەیەك کات چەپڵە بکوتێ، مەگەر تەنها سایکۆ سۆسیۆلۆژیستەکان بتوانن دوای توێژینەوەی ورد پێناسەیەك بۆ ئەو کائینە عەجیبە بدۆزنەوە، ئاخر لە سادەترین روونکردنەوەدا ئەو شێوە چەپڵە کوتینە درۆ و فێلکردنە لەگەڵ خود و خۆهەڵخەڵەتاندنێکی ئاشکرا و جۆرێکە لە گەمژەیی، چونکە ناکرێ لەیەك کاتدا لەگەڵ ئەوە دابیت فایلی خائینانی نیشتمان بپێچرێتەوە و باس بکرێت، ناشێ لە نێوان چاوتروکانێکدا کەیفسازبیت بە رەفتاری بەعسیانەی بڕوانامە بەخشینی زانستی و ئەکادیمی بە سەرکردە و هاوکات چەپڵە بۆ رەتکردنەوەی بکوتی، ئەو لۆژیکە لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نییە، مەگەر لە کوردستاندا نەبێت، کە زۆر دووریش نییە بەشێکی زۆری ئەو سایکۆلۆژیەتە رەنگدانەوەی فەزای سیاسی و دووڕوویی زۆرێك لە توخم و کاراکتەرەکانی کایەی سیاسی کوردی بێت، چونکە کاتێ هەراوزەنای هەندێکیان بۆ دیموکراتیەت و مەدەنیەت دەچێتە حەوت تەبەقەی ئاسمان، کەچی هاوکات دەبینی ئەو بابایانەی پێشەنگی دیموکراسی و مامۆستا و واعیزی مەدەنیەت بەرگەی دەرچوونی گەنجێکی نەیاری کوتلەکەیان لە هەڵبژاردنێکی رێکخراوەییدا ناگرن و پڕ جنێوی دەکەن و زللەیشی تێدەسرەوێنن، ئیدی لەو رۆژگارە سەخت و قۆناغە

**هەستیارە مرۆ لە نێو ئەو دوو فاقیەتەی رەعیەت و ئۆپۆرتۆنیستیەتەی سیاسییەکان تێماوە و ناچارە بڵێ: بە جارێ ماڵی وێرانم ئەویشم چوو، ئەمیشم چوو!!**